# <u>کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان</u>

## کۆنفرانسی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان سەرکەوتوانە لەگەڵ پشتیوانی جەماوەری و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و دەرەوەدا کۆتایی هات




لە شاری سلێمانی ڕۆژی11 کانونی دووەمی 2005 لە هۆڵی سلێمانی سەعات 3.30 تا 6.30 ئێوارە کۆنفرانسی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لەلایەن کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان سازکرا بەبەشداری جەماوەر ولایەنە سیاسی و کەسایەتیەکان لە شارەکانی سلێمانی وهەولێر و کەرکوك و هەلە بجە. چەند ڕۆژ پێش لە کۆنفرانس سەردانی شارەکانی کوردستان کرا و بانگێشتی کەسایەتی ولایەنە سیاسی و جەماوەریەکانی کوردستان بۆ کۆنفرانسەکە وتاوتوێکردنی باسەکانی کرا و دەست کرا بە هەڵواسینی لافیتە و بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنی کۆنفرانسەکە بەفراوانی لە ناوەندەکانی خوێندن و دائرەکان و گەرەکەکاندا ودانانی مێزیکتێب لە بەردەرکی سەرای سلێمانی.



کۆنفرانس لەژێر دروشمی" لە پێناو هێنانەمەیدانی جەماوەری کوردستان و ڕاکێشانی پشتیوانی نێونەتەوەیی بۆ خواستی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان" کرایەوە. سەرەتا بەڕێز ئاسۆ کمال بەرپرسی کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان ووتەی کرانەوەی کۆنفرانسی پێشکەش کرد .

لەم ووتەیەدا سەبارەت بە ئایندەی کوردستان لە نێوان رفراندۆم و هەڵبژاردندا و ڕێگاچارەی سەربەخۆیی و پێکهێنانی کۆنگرەیەکی جەماوەری رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان و پێکەوەگرێدانی کاری جەماوەری کوردستان وڕاکێشانی پشتیوانی نیونەتەوەیی قسەی کرد . هەروەها بەدوایدا بەڕێزان فوئاد قەرەداغی ، د. محمد محوی ، زمناکۆ عزیز و د.هۆگر محمود لەسەر تەوەرەکانی کۆنفرانس کە بریتی بوون لە

* ئایا رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان دەتوانیٚ وەڵام بە ترسی ئە نجامی (کەمایەتی وزۆرایەتی ) لەهەڵبژاردنەکانی عێراقدا بداتەوە؟* کاریگەری هەڵبژاردنەکان لەسەر ئاینده وچارەنوسی کوردستان چییە؟ * نەخشە و کاری ڕاکیشانی پشتیوانی نێونەتەوەیی و کاری جەماوەری بۆ سەرخستنی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان چییە؟

**TEL:00447795330896 & 07701445961 & 07701549800**
**E.MAIL: asokamal1@aol.com& zmnaco@yahoo.co.uk**
**www.kurdistanreferendum.net**

# کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

ووتەکانیان پێشکەش کرد و هاوکات پەیامی پشتیوانی توندی حزبی سەوزی سویدی کە لەلایەن لینا کلیڤانس ، نوینەری سیاسەتی دەرەوە و لۆتا هیدستڕۆم ئەندام پەرلەمانی حزبی سەوزی سویدیەوە نێردرابوو خویندرایەوە . لەگەڵیشیدا پەیامی ئەم لایەن و کەسایەتیانە خوێندرانەوە وڕاگەیەندران:

*مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ، مەکتەبی سیاسی بزوتنەوەی دیموکراسی خوازان،زید محمود علی سکرتێری حزبی ڕزگاری کوردستان و مەکتەبی سیاسی حزبی ڕزگاری کوردستان ، فاتح شیخ سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران – حیکمتیست ، ئەمجەد غەفور سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق ، کاژاو جمال سکرتێری کۆمیتەی ڕابەری ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق، مەکتەبی سیاسی پارتی کاری دیموکراتی کوردستان ، مەکتەبی سیاسی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان ، ناوەندی ئاڤیستا لە هەولێر ، کەیخەسرەو – بەرپرسی ناوەندی ئاڤیستا لە هەولێر، یەکێتی لاوانی دیموکراتی لە کوردستانی عیراق –نوسینگەی سکرتاریەت، مەکتەبی سیاسی پارتی پارێزگارانی کوردستان ، وەفدێك لە حزبی سوسیالیست دیموکراتی کوردستان ، حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق – ریکخراوی بەغداد و بەصرە . ریکخراوی ئازادی ژن لە عیراق ، یەکیتی سەندیکا و شوراکانی عیراق ، یەکیتی بیکارانی عیراق ، بزاڤی خوێندکاران ولاوانی دیموکراسی خوازان لە سلێمانی – مەکتەبی سکرتاریەت، سەنتەری بەرگری مافەکانی منالان ، کریکارانی بیناسازی سلێمانی (30کریکار) ، رییوار عارف –بەرپرسی کەمپینی دادگایی صدام، ڕێکخراوی ئازادی ژن- سلێمانی ، کۆمەڵێك لە کرێکاران وفەرمانبەرانی کارەبا، تحسین عوسمان نوێنەری گەرەکی حەسیرەکە لە کەرکوك،ئازاد ئەحمەد بەناوی کۆمەڵێك لە خەڵکی ڕانیەر(13کەس)، پەیامی 36 کەس لە فنلند ، پەیامی 25کەس لەبەریتانیا ، پەیامی 220 کەس لە سویسرا ، پەیامی کۆمەڵێك کەس لە وولاتانی جیاجیا لەلایەن هیدایەت مەلا علی،هیوا فریاد ڕەش سەرۆکی بزاڤی ژیان – هەولێر ، سمکۆ محمد – دەستەی نوسەرانی هاوڵاتی ، بەڕێوەبەرایەتی کۆشکی هونەر لە هەولێر، مومتاز حەیدەری – سکرتێری پێشووی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان،لەگەڵ پەیامی چەندین کەسایەتی تر لە کوردستان.



پاشان ... نوسین لە لیژنەی ئامادەکردنی کۆتگرەی جەماوەری رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی بلاوکرایەوە و دەستکرا بەناونوسینی ئەو کەسانەی ئامادەیی کارکردنیان لەو لیژنەیەدا هەبوو.

لەکۆتاییشدا بەڕێز فوئاد مەجید میسری پەیامی کۆتایی کۆنفرانسی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستانی خوێندەوە و بەم شێوەیە لە نێو پشتیوانیەکی زۆری جەماوەری کوردستان ولایەنە سیاسی و جەماوەریەکانی کوردستان ودەرەوە کۆنفرانسی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان کۆتایی هات. کە ئەمەی خوارەوە دەقی پەیامەکەیە:

TEL:00447795330896 & 07701445961 & 07701549800
E.MAIL: asokamal1@aol.com& zmnaco@yahoo.co.uk
www.kurdistanreferendum.net

# پەیامی کۆتایی کۆنفرانسی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان**

**کۆنفرانسی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان لە پیناو هینانە مەیدانی جەماوەری کوردستان و راکیشانی پشتیوانی نیونەتەوەیی بۆ بەدەست هینانی مافی بەرپاکردنی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان بەسترا.**

**لەم دەورە چارەنوس سازەدا کە خەریکە چارەنوس و نەخشەی عیراق و کوردستان ساغ دەکریتەوە ، بەرپارکردنی رفراندۆمیك بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەتاکە زەمانەت بۆ خەلکی کوردستان دەزانین کە لە ترسی گیرانەوەی بۆ ژیر دەستی حکومەتیکی عەرەبی و ئیسلامی لە عیراقدا دەیپاریزیت. نابیت خەلکی کوردستان بەبێ پرس و بەزۆر لە ژێر ناوی " هەلبژرادن"دا بخرینەوە ژیر سایەی حکومەتی ناوەندی عیراق.**

**داوی** 13 **ساڵ لە سەربەخۆیی دیفاکتۆی کوردستان ، ئەمرۆ خەلکی کوردستان بەمافی خۆی دەزانیت ، رفراندۆمیك بەرپابکات بۆ بریاردان لەسەر چارەنوسی کوردستان کە ئایا دەیەویت سەربەخۆبیت یان بچیتەوە ژیر سایەی حکومەتی مەرکەزی عیراق؟**

**کۆنفرانسی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە پیناو بەدیهینانی ئەم خواستەدا کاردەکات بۆ کۆکردنەوە و ریکخستنی جەماوەری کوردستان و هەموو ئەو هیزانەی خوازیاری رفراندۆم وسەربەخۆیی کوردستانن لە کۆنگرەیەکی جەماوەری رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستاندا و تیدەکۆشیت کە ئەم هێزە جەماوەریە بهینیتە مەیدان بۆ دەست دانە چالاکی جۆراوجۆری جەماوەری و خۆنیشاندانی ئەم هیزە لە گۆرەپانی کوردستاندا.**

**هەروەها کۆنفرانسی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان ئەو کارو چالاکیانەی کەمپینی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان لە ئاستی نیونەتەوەیدا بە پشتیوانی بەهیزی جەماوەری کوردستان دەزانیت بۆ بەدیهینان و بەرەسمی ناسینی مافی چارەنوسی خەلکی کوردستان، هەربۆیە داوا لە هەموو پەرلەمان و ئەحزاب و کەسایەتی یەکان لە جیهاندا دەکات کە پشتیوانی ئەم کەمپینە بکەن و ئەم داوایەی خەلکی کوردستان بۆ رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بگەیەننە نەتەوەیەکگرتوەکان و پەرلەمانی ئەوروپی و ناوەندە نیودەولەتیەکان و کاری لیبراوانە بکەن بۆ بەرەسمی ناسران و جیبەجێ کردنی.**

**لە کۆتاییدا بانگەوازی سەرجەم خەلکی کوردستان دەکەین کە لە پیناو ئەم ماف و ئەرکە چارەنوس سازانەدا هاوکاری لیژنەی بەدواچونی کارەکانی کۆنفرانسی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بکەن و پەیوەست بن بەم بزوتنەوە جەماوەریەوە لە پیناو سەرخستنی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان.**

**کۆنفرانسی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان**

11**کانونی دوەمی** 2005

**TEL:00447795330896 & 07701445961 & 07701549800**
**E.MAIL: asokamal1@aol.com& zmnaco@yahoo.co.uk**
**www.kurdistanreferendum.net**

# کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

## ووتەی کرانەوەی کۆنفرانس لەلایەن ئاسۆ کمال

ئامادەبوانی بەریز وخۆشەویست

بەناوی کەمپینی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستانەوە سوپاسی ئامادەبون و هاوکاریتان دەکەین . هەروەها سوپاسی هەموو ئەو کەسایەتی ولایەنانە دەکەین کە پەیامی پشتیوانیان بۆ ئەم کۆنفرانسە ناردوە لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان.

ئەمە کۆنفرانسی هەمووتانە. ئەمە دوهەمین هەنگاوی ئێمەیە لەماوەی ئەم مانگەدا بۆ بەرزکردنەوەی دەنگی مافە نەبیستراو و کپ کراوەکانی خەلکی کوردستان. ئیمە لە" 5" دیسەمبەر لە لەندەن و ئێستاش لە سلیمانی کۆبوینەتەوە لەگەڵ پشتیوانی حزبە سەوزەکانی ئەوروپا و ئەندام پەلەمانەکان و کەسایەتیە جیهانیەکان تاکو تەعبیر لە خواستی ڕەوای رفراندۆم و سەربەخۆیی خەلکی کوردستان بکەین و ڕێگای گەیشتن بەو مافی چارەنوسە نیشان بدەین و کاری بۆبکەین.

ئاما نجی سەرەکی ئیمە وەك کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئەوەیە خەلکی کوردستان ببنە خاوەنی مافی بریاردان لەسەر چارەنوسی کوردستان و مافی بەرپاکردنی رفراندۆمیکیان هەبیت کە تیایدا خۆیان بەدوور لە دەست تێوەردانی ئەحزاب و هێزە ناوچەیی و جیهانیەکان بڕیار بدەن لەسەر ئەوەی دەولەتی سەربەخۆیان دەویت یان لە چوارچیوەی عیراقدا دەمێننەوە؟

لە 80 ساڵی ڕابردوودا خەلکی کوردستان خاوەنی ئەم مافە نەبوە و تەجروبەی بەزۆر مانەوەی بە عیراقەوە بەگۆشت و خوێن تاقی کردۆتەوە و باجی قورسی ئەم مانەوەیەی لە عیراقدا بە کیمیایی باران و جینۆساید داوەتەوە. ئێستاش دوای 13 ساڵ لە جیایی و سەربەخۆییەکی دیفاکتۆی کوردستان لە دەولەتی مەرکەزی دەیانەویت هەمان سیناریۆی گەڕانەوە بۆ ژێرسایەی دەولەتی مەرکەزی بەسەر خەلکی کوردستاندا فەرزبکەنەوە.بەبێ ئەوەی لێی بپرسن ئایا ئەم گەڕانەوەیەی دەیەوێت یان نا؟ئایا تەجروبەی 80 ساڵی مانەوە لە عیراقدا دەیەویت دوبارەبیتەوە یان نا؟ تەجروبەی یەك ساڵ و نیوی داوی ڕوخانی بەعس ، نیشانی دەدات کە ئەم چارەنوسەی لە گەڕانەوە بۆ بەغدادا حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان هەڵیان بژاردوە و ناوی فیدرالیزمیان لێناوە ڕای خەلکی کوردستانی لەگەڵدا نەبوە و لەسەروو خواست وئیرادەی ئەوانەوە کراوە.ناڕەزایەتی خەلك بەرامبەر بە پۆستی پلەدوویی لە حکومەتی کاتی و پشت گوێخستنی ماف و زەمانەتێ بۆ مانەوەی خەلکی کوردستان لەعیراقدا لە بریاری 1546ی مەجلسی ئەمندا،هەلواسراوی مەسەلەی کەرکوك و ناوچە تەعریب کراوەکان و زۆر شتی تر هەموو نیشانەی ئەوە بوون کە خەڵکی کوردستان خوازیاری گەڕانەوە بۆ ژێرسایەی دەولەتی مەرکەزی نەبوە و نایەوێت جاریکی تر بەغداد چارەنوسی دیاری بکات . ئەمە هەقیقەتیکە کە کۆندالیزا رایسیش ناچارە ڕاییگەیەنیت کە " کوردەکان سەربەخۆییان دەوێت بەڵام حزبە حاکمەکان مانەوەیان دەوێت" .

هەربۆیە بەڕای ئێمە چارەنوسی خەلکی کوردستان ئێستا لە دووڕێیانی مانەوە و سەربەخۆبوندایە. ڕاستە ڕێگای مانەوە ڕێگای حزبە دەسەڵاتدارەکانە و سە پێنراوە .بەڵام ڕێگای ترس و نائومیدی و ئایندەیەکی پڕ لە مەترسی و لەدەستدانی سەربەخۆیی تائێستایە. ڕێگای گەڕانەوەیە بۆ ژێر سایەی دەولەتیك کە خەلکی کوردستان وەك کەمایەتیەك سەیر دەکات و

**TEL:00447795330896 & 07701445961 & 07701549800**
**E.MAIL: asokamal1@aol.com& zmnaco@yahoo.co.uk**
**www.kurdistanreferendum.net**

# کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

خۆی وەکو دەسەڵاتیکی قەومی عەرەبی و شیعە کە زۆرایەتی عیراقە فەرزدەکات. ئەمە تەجروبەی یەك ساڵ و نیوی ڕابردوە و ئێستا ئەم پرۆسەیە بەردەوامە و هەڵبژاردنەکانی عیراق تەواوکەری ئەو واقعیەتە نەخوازراوەیە. هەلبژاردنەکانی عیراق بۆ یەکلاکردنەوەی حکومەتێکە لە عیراقدا بە پێی ڕێژەی دەنگەکان کە چارەنوسی عیراق و کوردستان دیاری بکات. بەڵام زۆرایەتی ئەم دەنگانە کە شیعەکان وسونە قەومیە عەربیەکانە خۆیان بەئاشکرا دژبە هەموو مافیکی خەلکی کوردستان لە سەربەخۆیی و رفراندۆمەوە بگرە تاکو سەرەتایی ترین مافی ئینسانی. دیاریکردنی چارەنوسی کوردستان بەدەستی ئەم هەلبژاردنە و حکومەتی زۆرایەتی شیعە وسونی قەومی واتە قبوڵکردنی ژێردەستەیی و پلە دووبون و دوبارە کردنەوەی هەمان سیناریۆی 80 ساڵی رابردوو. بەڵام ئە مجارە ئەوە کەایەتیەکی ئەعیان و ئەشرافی کوردستان نین کە بڕیر لەسەر لکاندنەوەی کوردستان بە عیراقەوە دەدەن بەلکو بەناوی هەلبژاردن ودیموکراسی هەلبژاردنەوە لە عیراقدا فێڵێکی گەورە لە خەلکی کوردستان دەکرێتەوە و بەبێ پرس و ویستی خۆی دەخرێتەوە ژێر دەستی حکومەتیکی مەرکەزی ئیسلامی وعەرەبی کە ئەجینداکەی و دەستوری ئایندەیەك کە دایدەنێ ئەو حەبی سەرئێشەیەی قانونی کاتیشی تیدا جیگانابێتەوە.

هەربۆیە چۆن ئێستا چارەنوسی کوردستان لە دووڕییانی مانەوە و سەربەخۆبوندایە، لەم ساتەدا ئەم دوو ڕێگایە ناویکی تریان هەیە کە هەڵبژاردن و رفراندۆمە. هەلویستی پاسیڤانەی خەلك بەرامبەر بە هەلبژاردنەکان و بینینی ئایندەیەکی پڕ لە ترس و هەڕەشە لە ئە نجامەکانی ئەو دەنگدانە ئەمڕۆ واقیعەیتیکە و لە هەموو کوردستاندا دەیبینی و مەگەر لە ژووره داخراوەکانی ئەو حزبانەی خەون بە کورسیەکانی پەرلەمانی عیراقەوە دەبینین لەم خەوە خەبەریان نەبوبێتەوە. هەڕەشەیەك کە سیستانی ویاوەر پیێش لەم هەلبژاردنانە کردویانە لە مافی سەربەخۆیی ورفراندۆم و مافی چارەنوسی خەلکی کوردستان دوای هەلبژاردن دەبیتە چەقۆی دەسەڵات و بەناوی حکومەتی زۆربە و پەرلەمانی زۆربەوە خرا پتر لە قانونی 137 و فەتوای "کوردستان دوژمنی خوایە" و "داوای رفراندۆم خیانەتە لە نیشتمانی عیراق" بەسەر خەلکی کوردستان دێنن و چاروەروانیەك کە لە دەستوری هەمیشەیی و حکومەتی هەمیشەیی دەکرێت لەمە زیاتر نەبێ بە تەئکید کەمتر نیە.

زۆر باس لە زەمانەتی ئەمریکا کراوە بەڵام واقعیەتی یەك ساڵ ونیوی ڕابردوو نیشانی دەدات کە هیچ زەمانەتیکی دەولی و ڕەسمی لەسەر دەستی ئەمریکا بۆ خەلکی کوردستان بەدی نایەت و بریاری 1546ی مەجلسی ئەمن دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە ئەمریکا لە عیراقدا بۆ ماڵی کردنی ناڕەزایەتی شیعەکان و تەنانەت سونیە قەومییە عەربیەکانیش ئامادەیە هەموو سازشێك لەسەر حسابی ماف وچارەنوسی خەلکی کوردستان بکات.

ئەمڕۆ تاکە ڕێگای زەمانەتی چارەنوسی خەلکی کوردستان و پاراستنی لە دوبارەنەبونەوەی ژێردەستە بونی گرتنە بەری ئەو ڕێگایەی تری ئەم دوو ڕێیانەیە کە ئەویش سەربەخۆبون و بەرپارکردنی رفراندۆمێکە بۆ سەربەخۆیی کوردستان. ئەمڕۆ ئەمە تەنها خواستێك یان ڕێگایەکی باش نیە بەڵکو ممکنیشە. هەلومەرجی ناجیگیری عیراق لەسایەی جەنگی تیرۆر و مقاوەمەتدا ، ئالوگۆری سیاسی ناوچەکە وجیهان ، بە گۆرانی تەوازنی نیوان هیزە ئیقلیمیەکان و شەق بونی بەرژەوەندی و ستراتیژی ئەوروپا و ئەمریکا ، نەمانی سوپای بەعس و کێشەی نیوان هیزە قەومی وئیسلامیەکان لە عیراقدا ، کرانەوەی دەرگای ئەوروپا بەڕوی تورکیادا و زۆر فاکتەری تر ، ڕوناکیەکی لەوسەری ئەم تونیلەی وەزعی سیاسی کوردستاندا دەرخستوە کە ئەگەر ڕێگای گەیشتە ئەوسەری تونیلەکە دەست نیشان بکەین دەتوانین بەگەینە ئەوسەری و بەسەرکەند و

TEL:00447795330896 & 07701445961 & 07701549800
E.MAIL: asokamal1@aol.com& zmnaco@yahoo.co.uk
www.kurdistanreferendum.net

# کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

کۆسپ و تاریکایەکانیدا زاڵ بین و لەم فرسەتە مێژوویەدا جارێك و بۆ هەمیشە خەڵکی کوردستان بەڕوناکی وئازادی بگات و لەم زوڵمە قەومیە ڕزگاری بێت کە ژیانی چەند نەوەی تا ئێستا لەنێوبردوە.

ئەمڕۆ سەرەڕای ئەم واقعیەتە ،لەم دوو ڕێیانەدا ، خەلکی کوردستان سەربەخۆیی دەوێت بەڵام حزبە دەسەڵاتدارەکان مانەوەیان دەوێت و پیادەی دەکەن. چارەنوسی کوردستان نەخراوەتە بەردەم خەلك خۆی کە بریاری لەسەر بدات و حزبەکان کە باس لە رفراندۆمیش دەکەن دەلین بۆ چەسپاندنی فیدرالیەت و مانەوەیە لە عیراقدا. لەکاتیکدا رفراندۆم بۆ ئەوەیە کە ئەو حزبانەش لە ریگەی رفراندۆمەوە بەدیلی خۆیان بخەنە ڕوو و کاری بۆبکەن نەك بیسە پێنن. رفراندۆم لە هەموو دنیادا بۆ پرسی سەرەبخۆیی یان مانەوەیە نەك بەتەنها بۆ دیاریکردنی جۆری مانەوە بێت. بەتایبەت فیدرالیزم یەکیتیەکی دوولایەنەیە و ناکریت لیەك لایەنە و تەنها لەلایەن خەلکی کوردستانەوە بریاری لەسەر بدریت. ئەمە چەواشە کردنی رفراندۆمە . رفراندۆم لەلایەن ئیمەوە تاکتیکیە بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی ، بەلام ئەوە خەلکی کوردستانە کە بریار دەدات سەربەخۆیی باشە یان مانەوە ، نەك ئیمە ونەك حزبە دەسەڵاتدارەکان. شەرعیەتی ڕەسمی و نیودەولەتی رفراندۆمیك کاتیکە کە خەلك لە دەنگدانیکی گشتی و ئازادانەدا خۆیان یەکیك لەو دوو ڕێگایە هەلبژێرن،نەك ئەوەی کە بەدوور لە دەنگدانی خەلك و بەدوور لە ئازادبونی خەلك بریاری مانەوە و گەرانەوە بۆ بەغداد بدرێت. چارەسەری یەکلایی بونەوەی ئەم دوو ڕێیانەی کوردستان لەوەدایە کە حزبە حاکمەکانیش لە کوردستاندا پابەندی رفراندۆمیکی ئازادانە بن ئەگینا ئەو قەڵشتەی ئەمڕۆ کەتۆتە نیوان جەماوەر و حزبە دەسەلاتدارەکانەوە دوای هەلبژاردنەکانی عیراق دەیان قات دەبیتەوە.هەر بەودەلیلە سادەیەی کە 13 ساڵە خەلکی کوردستان لەژێر دەستی حکومەتی مەرکەزیدا نەبوە و نایەویت بېریتەوە ژێر دەسەلاتیکی قەومی وئیسلامی بابەناوی هەلبژاردنیشەوە هاتبیتە سەرکار.

هەربۆیە بزوتنەوەی رفراندۆم دەبێت ستراتیژ و ئامانجی سەربەخۆی خۆی هەبیت لە حزبەکان نەك پاشکۆی حزبە دەسەلاتدارەکان بیت. دەبێت ڕای جەماوەر و ڕای گشتی لە کوردستاندا نوێنەرایەتی بکات ئەوکات دەتوانیت سەرکەوتوبێت و وەڵامدەرەوەی ئەم قۆناغە بێت ، ئێمە ئەم ڕاستیەمان لەگەڵ هاورییانی بزوتنەوەی رفراندۆم و هەموو هەلسوراوانی رفراندۆم لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان باس کردوە. ئەمە بەدیلێکی جەماوەری سەربەخۆیە کە دەتوانێت هیزە سیاسیەکانیش لەخۆ بگرێت . ئێمە ئەمڕۆ پێویستمان بە کۆنگرەیەکی جەماوەری وەك کۆنگرەی باشووری ئەفریقا لەدژی ئاپارتاید ، کە نیلسۆن ماندیلا سەرۆکی بوو. ئەم کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستانە کە ئیمە وەك کەمپینی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان و کەسایەتی ولایەنە سیاسی و رۆشنبیرەکانی خوازیاری رفراندۆم وسەربەخۆیی کوردستان کار بۆ پیکهێنانی دەکەین و بزوتنەوەی را پرسیشمان بۆ بانگەواز کردوە ، دەتوانێت هێزی جەماوەری کوردستان کۆبکاتەوە بۆ بەرپاکردنی رفراندۆم و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بۆ کوردستان . کۆنگرەی لەندەن و ئەم کۆنفرانسەی کوردستانمان بۆ گەیشتن بەو کۆنگرە جەماوەریەیە.

حەرەکەتی ئێمە پێویستە لە دوو مەیداندا خۆی نیشان بدات و پێکەوە بچێتە پێشەوە . یەکەمیان ، ئەم کۆنگرە جەماوەریەیە کە بتوانێت لە گۆرەپانی کوردستاندا هێزی جەماوەر بهێنیتە مەیدان و بنکەی جەماوەری رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان نەك بەتەنها لەناو رۆشنبیران وناوەندەکانی خویندندا بەلکو لەهەموو ناوەندەکانی کار و ژیانی جەماوەری کوردستاندا دامەزرێنێ و بە چالاکی جۆراوجۆری جەماوەری خەلکی کوردستان ئامادە بکات بۆ هاتنە مەیدان بۆ بەرپاکردنی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان. مەیدانی دووەمیان کار بۆ ڕاکێشانی پشتیوانی نێو نەتەوەییە کە ئێمە

**TEL:00447795330896 & 07701445961 & 07701549800**
**E.MAIL: asokamal1@aol.com& zmnaco@yahoo.co.uk**
**www.kurdistanreferendum.net**

# کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

وەك کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردووەوە کارمان بۆ کردووە و ئێستا حزبە سەوزەکانی سوید و بەریتانیا و حزبی لیبرال دیموکراتی بەریتانی و چەندین ئەندام پەرلەمان لە وولاتانی جۆراوجۆری ئەوروپا پشتیوانی دەکەن و کەسایەتیە جیهانیەکانی وەك چۆمسکی و مایکل گۆنتەر و کەسانی تری لەگەڵدایە. لە زیاتر لە 10 وولاتی دنیا کۆمیتە و هەڵسوراوانی کەمپینی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان چالاکانە کاردەکەن و تا ئیسْتا دوو کۆنگرە لە لەندەن و چەندین پانیل وکۆڕی جۆراوجۆری لەوولاتانی ئەوروپا وئوستراليا وکەنەدا داناوە.

لە کۆتاییدا پێویستە ئەوە بڵێم کە ئێستا چاوەڕوانیەکی زۆر لەم کۆنفرانسەی کوردستان لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان هەیە کە بتوانێت هێزیکی تازە بینیتە مەیدان و هەنگاو وبریارێیکی کاریگەر بیت بۆ دەستپێکردنی ئەم حەرەکەتە جەماوەریە لە کوردستان لە پیناو رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستاندا . بەکردەوە بتوانیت شیعاری هینانەمەیدانی جەماوەری کوردستان و راکیشانی پشتیوانی نیونەتەوەیی بۆ خواستی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان لە خۆیدا بەرجەستە بکات و ئەم دوو مەیدانە گرنگەی خەباتی خەڵکی کوردستان بۆ گەیشتن بە رفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان لیك هەلپیکێت.

سەرکەوتوبێت خەباتی جەماوەری کوردستان لە پیناو رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستاندا

سوپاستان دەکەم

**TEL:00447795330896 & 07701445961 & 07701549800**
**E.MAIL: asokamal1@aol.com& zmnaco@yahoo.co.uk**
**www.kurdistanreferendum.net**